# شەریف پاشاو کوردایەتی

کاوە ئەمین



Cherif Pascha. (Bilden är tagen av hovfotografen Selma Jacobson. Varia, nr 4/1899)

یەکێک لەو کەسایەتییە ناسراوانەی کورد، کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا لە تاروگە ژیاوە، ئەویش نەک وەک پەنابەرێک بەڵکو وەکو دەستەڵادار و جێگای متمانەی دەوڵەتی عوسمانی،(شەریف پاشا)یە کە لەنەوەی بابانەکان و کوڕیی یەکێک لە دەستەڵادارانی دەوڵەتی عوسمانیی بووە و زیاتر لە دە ساڵ سەفیری دەوڵەتی عوسمانی بووە، لە وڵاتی پاشایەتی سوێد. لە لێکۆڵینەوەیەکدا کە نووسەری کورد (ڕۆهات ئالەکۆم) لەسەر ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی شەریف پاشا نووسیویەتی و، بەندەش لە سوێدییەوە وەریگێڕایە سەر کوردی و لە ڕۆژنامەی (ئاسۆ) لە یانزدە بەشدا بڵاوکرایەوە، کۆمەڵێک زانیاری سەرنجڕاکێش لەمەڕ کەسایەتی شەریف پاشا دەخاتە بەر دەستی خوێنەر. ئالەکۆم لە لێکۆڵینەوەکەیدا، بە هیچ شێوەیەک ڕەخنە لە شەریف پاشا ناگرێت، بەڵکو بەشێوەیەکی کرۆنۆلۆگی، ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، بۆ ئەوەش ژمارەیەکی یەکجار زۆر سەرچاوەی سوێدی تاوتوێ کردووە، کە زۆربەیان باسی جوانخاسی و ڕاووشکار و پەیوەندیەکانی شەریف پاشا لەگەڵ دەوڵەتی سوێد، بە تایبەتیش پاشای ئەو سەردەمەی ئەو وڵاتە دەکەن. لە ماوەی ئەو دە ساڵەی کە شەریف پاشا، سەفیری سوڵتان عەبدولحەمید بووە، تۆڕێکی پەیوەندی بەهێز لەگەڵ کەسایەتییە کولتووری و سیاسییەکانی سوێد و وڵاتانی تر گرێدەدات. تا چەند مانگێک پێش وەلانانی سوڵتان عەبدولحەمید،شەریف پاشا، تا سەر ئێسقان وەفادار دەبێت بە دەوڵەت و سوڵتانەوە و لە هیچ کام لەو دیکۆمێنتانەی ئالەکۆم کردونیەتە سەرچاوەی باسەکەی، چ باسێک لە کوردایەتی و کوردستانی بوونی شەریف پاشا لە گۆڕێ نییە. لێرەدا مەبەستم ئەوەیە کە ئەگەر چی شەریف پاشا، لە هەندێک لە ڕۆژنامەکانی سوێدیدا وەکو کەسێکی کورد باسی لێوە کراوە، بەڵام، شەریف پاشا، بە دەمی خۆی هیچ کاتێک باسی لە کورد بوونی خۆی نەکردووە (مەبەست ئەو دە ساڵەی کە لە سوێد بووە)، زۆر جاریش وەکو تورک ناوی براوە. ئەمە سەرەڕایی ئەوەی پێش چەند مانگێک لە شۆڕشی 1908، کە سوڵتانیان تێدا لەسەر کار لابرد، شەریف پاشا لایەنگری خۆی بۆ کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی کە بە تورکە گەنجەکان ناوزەد دەکران، دەربڕی. ئەو ڕێکخراوە وەکو لە لێکۆڵینەوەکەی ئالەکۆمیشدا هاتووە، خەڵکانی غەیرە تورکیشیان تێدا بووە، بەڵام ئەو غەیرە تورکانە بە (شەریف پاشا)شەوە، لاریان لەو ناوە نەبووە، تا ئەو کاتەی دەستەڵات دەگرنە دەست و هیچ حساب و کیتابێک بۆ غەیرە تورکەکان ناکەن. دەکرێت بڵێین کە ئەو سیاسەتە پاشانیش لەلایەن مستەفا کەمال (ئەتاتورکەوە) خەستر کرایەوە و تا ئەم سەردەمەیش لە تورکیا پەیرە و دەکرێت. ئەوەتا مامۆستا ئیسماعیل پێشکچی لە وتارێکیدا دەڵێت " کوردێک کە بوو بێت بە تورک و لە مەسەلەی کوردایەتیدا هیچ مەبدەئێکی نەمابێت و هیچ داواکاری و خەباتی نەبێت، دەوڵەت هەموو ئیماکانێک دەدات بەو (کورد)ە".(کوردستانی نوێ ژمارە 3795). من پێم وایە هەر لەو ڕوانگەیەشەوە بووە کە شەریف پاشا کراوە بە سەفیری عوسمانی، چونکە گومان لەوەدا نییە کە نەک تەنها بنەماڵەی شەریف پاشا بەڵکو زۆر بنەماڵەی تری کورد، خزمەتێکی زۆریان بە دەوڵەتی عوسمانی کردووە و لە نێو کولتووری عوسمانیدا توابوونەوە و کورت و کورمانجی ئەوان خۆیان بە منداڵی عوسمانلی دەزانی. ئەوەتا ئەمین زەکی بەگ لە لاپەڕەی یەکەمی کتێبی (کورد و کوردستان) دا، دەنووسێت:" کلمەی جامعەی

(عوسمانلی) اعسابی قومیەی هەمومانی تا دەرەجەیەک خاوکردبوەوە). واتە ڕووناکبیرانی ئەو کاتەی کورد، هەموو لە خزمەت عوسمالیدا بوون، پاشانیش کە ئەو دەوڵەتە کەوتە گیانەڵاو و بەلادا کەوت، بە دە ساڵ دوای ئەوە هەندێک لەو کوردانە هەستی نەتەوەییان دەبزوێت، بۆ نمونە ئەمین زەکی بەگ.
مامۆستا تۆفیق وەهبی بەگ بە هاوڕێیکەی خۆی وتووە کە بنەماڵەی شەریف پاشا بەتەواوەتی کەوتبوونە خزمەت تورکە عوسمانیەکان و کوردایەتیان لە بیرخۆیان بردبووەوە.
هیچ بەڵگەیەکی واش نییە کە نیشانمان بدات کە شەریف پاشا تەنانەت زمانی کوردیشی زانیبێت، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە هەردوو ژنەکەی شەریف پاشا کورد نەبوون و منداڵەکانیشی کوردییان نەزانیووە. ئەوەتا لە لێکۆڵینەوەکەی ئاڵەکۆمدا هاتووە کە شەریف پاشا پارتێکی بە نێوی (پارتی ڕادیکاڵی ئۆتمان (عوسمان) دامەزراندووە، ئەمەش دوای لەسەر کار لابردنی سوڵتان عەبدولحەمید، پێدەچێت شەریف پاشا ویستبێتی کە دەوڵەتی عوسمانی بەو قەوارەو شێوەی فەرمانڕەواییەی کە هەیبووە بەردەوام بێت، بەڵام کەمێک ڕیفۆرم لە سیاسەتی عوسمانیدا بکرێت، خۆ ئەگەر مەبەستی ئەو کوردایەتی بوایە، ئەوا دەیتوانی ناوێکی کوردی لە پارتەکەی بنێت، پاشان ڕۆژنامەکەشی بە ناوی (مەشروتە)وە بووە، ئەمە لە کاتێکدا کە بنەماڵەی بەدرخانییەکان بیست ساڵ پێش ئەوە، لە تاروەگە واتە لە وڵاتی میسر، ڕۆژنامەی کوردی (کوردستان)یان دامەزارندووە و نەک ناوەکەی بەڵکو هەر هەمووی بە کوردی بووە. لە کاتێکدا شەریف پاشا لە ئەوروپا ژیاوەو ئیمکانی دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی کوردی زیاتر بووە، خۆ هەر هیچ نەبێت دەیتوانی ناوی ڕۆژنامەکەی کوردیی بێت.
شەریف پاشا، لە ماوەی ئەو دە ساڵەی کە لە سوێد بووە، بە حوکمی ئەوەی کە دەوڵەمەندێکی گەورە و ئەرستۆکرات بووە، بە تایبەتیش ژنەکەی ئامینە پارەیەکی زۆرو زەبەندی باوکی بۆ بەجێمابوو،بۆیە شەریف پاشا وەک چۆن پاشا و بەگەرەکانی عوسمانی خەریکی کەیف و عەیش و نۆش بوون، ئەویش لە سوێد لەسەر هەمان بەزم دەڕوات، هەر بۆیە گەلێک جار لەگەڵ پاشای سوێد دەچێتە ڕاووشکار و، زۆر کاتیشی لە مەیخانە و ڕێستورانتە بەناوبانگەکانی ستۆکهۆڵم، بەسەر بردووە. ئەمە لە کاتێکدا کە ئەو دەیتوانی زۆر بە چاکی کەڵک لە ناوبانگ و ئەو دەستەڵاتەی کە هەی بووە وەربگرێت بۆ ناساندنی کورد، بەڵام هیچ بەڵگەیەک نییە، بە تایبەتی لە کتێبەکەی ئاڵەکۆمدا ئەوەمان نیشان نادات، بەڵکو بە پێچەوانەوە، ئەو دوای لابردنی لە سەفیرایەتیش لە نامەکانیدا هەر بە (کۆنە سەفیری دەوڵەتی عوسمانی) خۆی ناساندووە، واتە شانازی کردووە کە بە (عوسمانلی) بانگی بکەن. شەریف پاشا دوای ئەوەی کە هیچ دەستەڵاتێکی سیاسی نامێنێت، هەم تورکە گەنجەکان و هەمیش عوسمانلییەکان حسابی بۆ ناکەن، واتە لە کوردەکەی هەردوو جەژنە دەبێت، لەپڕ بیری کوردایەتی دەکەوێتەوە و خۆی دەکات بە نوێنەری کورد و (جەمعیەتی تەعالی کوردستان) کە نێوەندەکەیان لە ئەستەنبوڵ دەبێت، دەیکەنە نوێنەری کورد، بەڵام پێدەچێت شەریف پاشا نەک لەلایەن هەموو کوردەوە بەڵکو تەنانەت بەشێکی زۆری کوردەکانی ئەستەمبوڵیشەوە وەکو نوێنەر حسابی بۆ نەکرابێت، بۆیە ئاڵەکۆم دەڵێت کێشەی نێوان کوردەکانی ئەستەمبوڵ کارەکانی شەریف پاشای زەحمەتتر کرد، دیارە وەک چۆن هەمیشە تورکەکان هەر شتێک کە لە بەرژەوەندی کورددا بێت دژایەتی دەکەن، هەر بۆیە هەرزوو پەیمانی سیڤەر کە مافی کوردی تێدا ڕەچاو کرابوو، لەلایەن تورکەکانەوە ڕەتکرایەوە. دەبێت ئەوەش بڵێم کە شەریف پاشا دەورێکی گرنگی گێڕاوە لە پەیماننامەی سیڤەر کە هەندێک خاڵی گرنگی مێژوویان تێدا تۆمار کرا بە قازانجی گەلی کورد تەنانەت سەربەخۆیش. بەڵام لە دوای ئەو پەیمانە، شەریف پاشا، هیچ چالاکیەکی سیاسیی و کولتووری نەبووە، چونکە شەریف پاشا، هەتا سەرەتای پەنجاکان ژیاوە و لە ماوەی ئەو سی ساڵەی پێش مردنی شەریف پاشا، گەلێک ڕووداوی گرنگ لە کوردستاندا ڕوویان داوە، وەک شۆڕشی ئاگری و سەرهەڵدانی سمایل خانی شکاک، شێخ مەحمودی حەفید، شێخ سەعیدی پیران و سەید ڕەزا و ڕاپەڕینی بارزان و کۆماری کوردستان.
دیارە لێرەدا من نامەوێت لە کەسایەتی شەریف پاشا کەم بکەمەوە، بەڵکو دەمەوێت بڵێم کە ئەویش وەک زۆرێک لە کوردە دەستەڵاتدار و پایەدارەکانی نێو دەوڵەتی عوسمانی و دوای ئەوەش، هەتا توانیبێتیان خزمەتی بێگانەیان کردووە و پاشانیش کە گلۆڵەیان کەوتۆتە لێژی کوردایەتیان بەبیر هاتۆتەوە، کە ئیتر نە بۆ ئەوان و نەبۆ نەتەوەکەشیان کەڵکی نەماوە.
نمونەی وەک شەریف پاشا، بە درێژایی سەدەی ڕابردوو، لە نێوەندە سیاسیی و کولتوورییەکانی دەوڵاتانی داگیرکەری کوردستان هەبوون و ئێستاشی لەگەڵدا بێت هەن، وەک بێشکچی دەڵێت ئەگەر کوردان خۆیان لە

**کوردایەتی و کوردبوون، بە دوور بگرن، دەتوانن بگەنە هەموو پلەو پایەیەک. نمونەی لەو جۆرەشمان زۆرە وەکو تورکۆت ئۆزال، ئینینۆ، تەها محیّدین و دەیان تریش.**



*Cherif Pascha på Operakällaren år 1900.*
*Teckning av Albert Engström i Strix nr. 5/1900.*

**تێبینی: وێنەکان لە کتێبەکەی ئاڵەکۆم بە ناوی (هەزار ساڵ پەیوەندی کورد و سوێدی) وەرگیراون.**

**ئەم وتارە لە ڕۆژنامەی (میدیا) ڕۆژی 2005/12/1، بڵاوکراوەتەوە.**